کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-10-2007 17:10

**هێشتا ئەمەریکا پۆلیسی یەکەمی جیهانە خۆی بە نێرە کەری دەسەلاتیش دادەنێت!! ... بامەندی محمد**

وەزیری دەرەوەی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ( (کۆندا لیزا ڕایس) ) لەمیانەی سەردانەکەی بۆ ئەلمانیا لە 1 حوزەیرانی ڕابردوو، لەکۆبونەوەیەکی هاوبەشی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئیسپانیا ( (میغیل مۆراتینۆس) ) ئاماژەی بەتەوەری کۆبونەوەکانی کردو ڕایگەیاند کە




گەشەکردنی دیموکراسیەت لەنیوەی گۆی زەوی ڕۆژئاوا بەتایبەتی لە فەنزویلاو کوبا خاڵی سەرەکی بووە لەگفتوگۆی نێوانیاندا، وە ڕایس گووتی: پێویستە لەسەر ووڵاتە دیموکراسی خوازەکان کەبەئاشکرا بەرگری لەپیادەکردنی دیموکراسیەت بکەن. وەهەروەها ڕایگەیاند کەهەردوو ووڵات کۆکن لەسەرئەوەی کەدیموکراسیەت دەستەبەربکرێت بۆ گەلی کوبا، وەپێویستە دیموکراسیەت بگوازرێتەوە بۆ ئەو ووڵاتە.
وەهەروەها ڕایس گووتی: ئەوەی کوبا پێویستیەتی گۆڕانی بنەڕەتی یە، چونکە بەتەنها گۆڕینی ڕژێمەکەی بۆ ڕژێمێکی تر دژایەتی هەیە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەمەریکاوئیسپانیا، هەروەها دژی پەیماننامەی ووڵاتانی کیشوەری ئەمەریکایە کەڕێگا خۆشکەرە بۆ بەرەو پێش چوونی دیموکراسیەت بۆ گەلانی نیوەگۆی زەوی ڕۆژئاوا ( (واتە ووڵاتانی کیشوەری ئەمەریکای باشور) ) .
وەهەروەها ڕایس هەوڵە دیبلۆماسیەکانی ئیسپانیای بەدرۆخستەوە بۆ کردنەوەی دایەلۆك لەگەڵ کوبا دەربارەی مافی مرۆڤ، گووتی: ووتوێژ سوودی نی یە لەگەڵ ووڵاتێك کەپەیوەست نەبێت بەبیروبۆچونی دیموکراسی، وە دەربارەی فەنزویلا دڵگرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو کاریگەریەی فەنزویلا نەك تەنها لەسەر گەلەکەی، بەڵکو لەسەر گەلانی دەوروبەریشی، وەفەنزویلا بەکردەوە دەست لەکاروباری دراوسێکانی وەردەدات، وە ڕایس فەنزویلای هاندا کەڕێزی سەربەخۆیی دراوسێکانی بگرێت و دیموکراسیەت پیادەبکات بەتایبەتی لەگەڵ گەلی فەنزویلا.
لەلایەکی ترەوە ئاماژەی بەئێران کردو گووتی: گرنگ ئەوەیە دانیشتنەکان لەگەڵ ئێران سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ئێران ڕازی بکرێت بەڕاگرتنی چالاکی ئەتۆمی و ئەوگفتوگۆیانە نەکرێتە پەردەپۆش لەلایەن ئێرانەوە بۆئەوەی کۆمەڵگای دەوڵەتی پی دەستخەرۆ بکات و لەولاشەوە بەردەوام بێت لەبەرەو پێش بردنی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی!!
وەهەروەها گووتی بەرپرسە ئەمەریکیەکان و ئەوروپیەکان زۆر گرنگی بەوەئەدەن کە گوی لەئێران بگرن و بزانن جۆری بەرنامە ئەتۆمیە مەدەنیەکەی چی یە کەئەیەوێت دروستی بکات؟! وەنابێت بەرنامە ئەتۆمیەکەی بریتی بێت لەدەورەی وەقود وەئەوتوانایەی هەبێت لەسەر گۆڕانی وەقود بەشێوەیەك کەبەهۆیەوە بتوانێت تەکنەلۆژیای ئەتۆمی بەرەو پێشتر ببات!!
دەربارەی ئەفغانستان ڕایس گووتی: ئیسپانیا کاری زۆر باشی ئەنجام داوە لە ئەفغانستان و هەرئەندامێك لەئەندامەکانی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) پێویستە بەگوێرەی توانای خۆی... ئیش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بکات لەئەفغانستان و پێویستە ئەوبەرپرسیارێتی یە... بەداد پەروەرانە دابەش بکرێت. هەروەك دەستکەوتەکانیش ئەبێت بەیەکسانی دابەش بکرێت لەنێواندا.

دەربارەی پەیوەندیەکانی ئەمەریکاو ڕوسیا ڕایس گووتی: شتێکی سروشتی یە کەلەهەندی لایەنەوە هاوکاری هەیە لەنێوانماندا هەروەك نەسازانیش هەیە لەنێوانماندا لەهەندی لایەنی ترەوە لەژێر ڕۆشنایی گرژی و ئالۆزی پەیوەندیەکانی هەردوولا، زیاتر گووتی: هەردوو وولات هاوکاریەکی باشی یەکترن لەسەر مەسەلە سەرەکیەکان، وەك نەهێشتنی ئیرهاب وقەدەغەکردنی بلاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی وکارکردن لەسەر ڕازیکردنی ئێران و کۆریای باکور لەسەرپابەند بوونیان بەیاساو ڕێسای کۆمەلگای نێودەولەتی، وە هەروەها گووتی: خالی ناکۆکی زۆر هەیە دەربارەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەلام تائەوپەڕی توانامان کارمان کردووە بۆ شێوازی چارەسەرکردنیان لەچوارچێوەی چوارلایەنەکە کەبریتین لە ڕوسیاو وویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپاو نەتەوەیەکگرتووەکان.

وە ئاماژەی بەوە کرد کەنزیك بوونەوە هەیە دەربارەی ناکۆکیەکان لەنێوان وویلاتە یەکگرتووەکان و ڕوسیا دەربارەی مەسەلە پەیوەندیدارەکانی جۆرجیاوکۆسۆڤۆ و سیستەمی دژەموشەکی.

وە ڕایس گووتی: وویلاتە یەکگرتووەکان جۆرجیاو ڕوسیا هاندەدات کەپەیوەندیان باشتر بێت لەگەل یەکتر.

وەسەبارەت بە کۆسۆڤۆ گووتی: ناکۆکیەکان لەسەر ئەوەیە کەچی پێویستە بکرێت بۆ کۆسۆڤۆ نەك لەگەل وویلاتە یەکگرتووەکان، وە ژمارەیەك لە وولاتە ئەوروپیەکان و وویلاتە یەکگرتووەکان پڕۆژە بڕیارێکی مەبدەئیان پێشنیارکردووە لەسەردانانی سەرپەرشتی بنچینەیی نێودەولەتی بۆ سەربەخۆی کۆسۆڤۆ، بەلام ڕوسیا پی ی باشە و دەیەوێت ووتوێژ بەردەوام بێت لەنێوان ێرب و کۆسۆڤۆ.

سەبارەت بەسیستەمی دژەموشەکی ڕایس گووتی: وابەدیاردەکەوێت کە ڕوسیا تائیستا نقوم بووە لەناو لێکدانەوەکانی هەشتاکانداو گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە بەشێوەیەك ئاماژە بەڕاستیەکانی سالی 2007 بکات!! وەزیاتر گووتی: ئەو بۆچوونەی ڕوسیا کەپێ ی وایە هەبوونی ژمارەیەکی سنوردار لەسیستەمی دژەموشەکی و پێکهاتەکانی لەناوەڕاستی ئەوروپا لەوانەیە ببێتە مەترسیەك بۆسەر کۆگا ئەتۆمیە گەورەکانی ڕوسیا، بۆچونێکی ڕاست نی یە، وە لەکۆتاییدا گووتی: ناکۆکیە بنەڕەتیەکان کەکاتی خۆی لەسەردەمی ئێتیحادی ڕوسیا هەبووە لەنێوان هەردوو وولات، بەلام ئێستا بوونی نی یە و لەو بڕوایەدام ئێستا زۆر کاری هاوبەش لەنێوانماندایە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.